# کاک هەژێن , دەبوایە پەلەت نەکردایە

## حاجی ئەنوەر

ڕۆژی 9.5.05 کاک هەژێن لە ماڵپەڕی دەنگەکانەوە لەژێر ناونیشانی ( تاوەکو وا بیربکەیتەوە ، هەر بەتەمای سۆزی سەروەران دەبی ) نوسینێکی بلاوکردوەتەوە .بەداخەوە لەکاتی خۆیدا لەبەر نەخۆشی و لەجێگاکەوتندا بابەتەکەم نەدیبو . کاک هەژێنی بەڕێز تەنها یەک ووشە بابەتێکی گەورە دەگۆڕێت ، زۆرجار ڕویداوە نەک بابەتێک بگۆڕێت بەڵکو مێژوویەکیشی گۆڕیوە کاتێک ستالین( القاعیدە ) دەگۆڕێت بە ( القیادە ) سەرەتایی بەرەوخواربوونەوەی بلشەفیزم و دواتر لەناوچونی بوو . یەکێک لە کێشەکانی نێوان عەرەب و ئیسرائیلیەکان ( ال ) یکە ئەرازی محتلە و الئەرازی المحتلە . تۆی بەڕێزیشت پەلەت کردوە لە خوێندنەوەی ئەو بابەتەی ( پیاوی چاک بن دەست لەم عێراقە بەربدەن ) . دەبوایە جوان سەرنجی بابەتەکەت بدایە دواتر سەرنجی خۆتت لەسەر بنوسیایە. من نوسیومە نەتەوەسەردەستەکان و دەستەڵاتدارانی سیاسی و ڕۆشنبیرانیان بە مافی گەلانی لە دیاری کردنی چارەنوسی خۆیان بەدەستی خۆیان ، لە جیابوونەوەیان ، یان پێکەوەژیانێکی ئارەزوومەندانە . ئەگەر سەرنج بدەیت ووشەی نەتەوە سەردەستەکان سەرەتایی ڕستەکەیە ، کەواتە بڕیاردەری یەکەم لەو چارەسەرکردنەدا نەتەوەکەیە . خۆ(( مارکسی )) بەهەوانتەو بەدەم خەوەوە و تەخەویلاتی خۆی نەبووە کاتێک ووتی : گەلێک گەلێکی تر بچەوسێنێتەوە خۆیشی ئازاد نیە ) ئەو ڕابەرە مەزنە ، مێژووی گەلانیی شیکارکردوەتەوە و بەهەستکردن بە بەرپرسیاریەکی گەورە بەرامبەرمێژوو ئەو ڕستەیەی درکاندوە . ئەگەر بهاتایە بەووردی بتخوێندایەتەوە و شوێنی ووشەی نەتەوەسەردەستەکانت لەو جێگەیەی کەهەیە بتبینیایە پیموانیە ئابەو جۆرە بکەوتیتایەئەو ئاخاوتنە . زۆرمان ماوین لەژیاناداو بیرمان ماوە کاتێک شۆڤێنیستە عەرەبەکان هاواریان دەکرد ( احنا عرب اهلل غیرە ... نترد اکراد من های دیرە ) هەرئەو عقلیەتە شۆڤێنیستیە بوو ڕێگاخۆشکەر بوو بۆ فاشستە بەعسیەکان ، ئەوەی کردیان کەم وینە بوو کە هەمومان ئێستاکەش بەئازارەکانیەوە دەناڵێنین . کاتێک گەلێک ناهۆشیارو شەرەنگێزە ، یەکەمین قوربانی نەتەوە ژێردەستەکان دەبن . ئەگەر بهاتایەو بیری ئازادیخوازی لەناو نەتەوەی عەرەبدا ، بیری زاڵ بوایە ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەوەی ڕوویدا رووی نەئەدا . نازانم بیرت دێت کاتێک سەدامی ترسنۆک و مرۆڤ کوژ کە ( میساقی عملی قومی ) لە یاریگای گەل ( ملعب الشعب ) خوێندەوە تەواوی ئەو خەڵکەی لەیاریگاکەدا بوو (نعم ) یان بۆ سەدام دەکرد ، شەوەکەیشی ڕیپۆرتاژێکی بلاوکردەوە و لە چایخانە و ماڵان و شوێنەگشتیەکانی ترەوە خەڵکی عەرەبی عێراق پشتیوانیان لە قسەکانی سەدام دەکرد ؟ . دووپاتی دەکەمەوە کە ، چارەسەری کێشە نەتەوەییەتیەکان پابەندە بە باوەڕبوونی نەتەوەسەردەستەکان و دەستەڵاتدارانی سیاسی و ڕۆشنبیرانیان بە مافی گەلانی لە دیاری کردنی چارەنوسی خۆیان بەدەستی خۆیان ، لە جیابوونەوەیان ، یان پێکەوەژیانێکی ئارەزوومەندانە . دەزانی بۆ ؟ . کاتێک هەرنەتەوەیەک هەر پارتێک هەر مرۆڤێک باوەڕی بەئازادی بوو ( بەمانا ڕاستەقینەکەی ) مافی ئازادی بەرامبەرەکەشی دانپیادەنێت . دەزانیت ئەگەر بیری ئازادی خوازانە زاڵ نەبوایە لە ساڵی 1917 ی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ڕوسیا هەر وەک خۆی دەمایەوەو نیکۆلای ڕۆمانۆف لادەچوو و ڤلادیمێر ئیلیچ ئۆلیانۆف لینین دەهاتوو لەباتی لەشکری قەیسر لەشکری سوور دەهات ؟ . ئەوە باوەڕ و زاڵی بیری ئازادیخوازانەی هاوڕێیانی بەڵشەویکی و شۆڕشگێڕان و ڕۆشنبیران بوو کە بۆ نمونە وولاتێکی وەک فینلندا بەبێ تەقەو سەدان کۆبونەوەی ژێربەژێرەکی ، مافی چارەی خۆیانیان بڕیاردا . بائەوەشت وەبیر بهێنمەوە ، کاتێک کە دەسەلایدارە سیاسیەکانی ئێستای بەغداد سوێندیان خوارد بەشێکی گرنگی

سوێند خواردنەکەیان پەڕاند کەئەمە کارێکی ڕێکەوتی نەبوو . ئەوەتا ئێستاش دەستەڵاتدارانی بورژوازی ناتوانن لەسەر ئەو ڕێکەوتنەی کە پێشتر لەسەری ڕێکەوتبون ڕێکبکەون . دەوڵەتێک پێکدێت کە ئاینی ئیسلام سەرچاوەی بنەڕەتیە بۆ دەستوری داهاتوی عیراق ، ئەو عێراقەی کە بەشێک لە خەڵکی خوازیارن سیکولارو غەیرە مەزهەبیبێت !! وا نابێت بەڵکو لەبەر زاڵی بیری دژەئازادی و شەڕەنگێزی دواکەوتنانەی نەتەوەی سەردەست یەککککککککک عێراقی یەکگرتوی عەرەبی ئیسلامی دروست دەکرێت . دەبێت ئەوەش بزانیت هەمو ئەو بیرە دژەمرۆڤیانەی کە ئەمرۆ زاڵن لە عێراقی خوێناویدا وەلیدی ئەو کۆمەڵگایەیە .

کاک هەژێن تاوانبارم دەکات بە بادانەوە ئاشکرایە مەبەستی ، بادانەوەیە بەرەو یەکێتی و مام جلال چونکە لە ڕستەکانی پێشودا بۆچونی منی لەگەڵ ئەودا هاوجووت کردوە کە من بۆخۆم نازانم مام جەلال لە کوێدا وای ووتوە ، خۆئەگەر وایشی وتبێت ئەو هەڵەی نەکردوە و هەڵکەوتەی کوردستان وایە ، هەربۆیە لە کاک هەژێن دەپرسم ئایا بیری دێت سالآنی گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراق تەواوی ئازادیخوازان داوای لابردنی گەمارۆیان دەکرد ؟ لەهەمان کاتدا سەدامیەکانیش هەمان شیعاریان بەرزکردبووە ( بەتێڕوانینێکی جیاوازەوە )؟ ئایا دەکرێت ئەو خەڵکە بخرێتە پاڵ بەعسیەکان ؟ .

کاک هەژێن دواتر هێرشەکەی توند تر دەکاتەوەو بڕیاری ئەوەم بۆ دەردەکات بچم بەلای حاڵی خۆمەوەو کڕ بکەوم . من ناچارم هەندێک لە ڕووداوەکانی ڕابووردو بهێنمەوە یادی بەڕێزیان ، پێش هەرشتێک نازانم باوەڕت بەوە هەیە کە جەماوەر سەرچاوەی زۆربەی گۆڕانکاریەکانە ؟ کاتی ڕاپەڕین و شوراکان داوای دەستەڵاتداری خەڵکمان بەسەر خەڵکەوە دەکرد ، کارمان بۆ ئەوە دەکرد کە خەڵکی هۆشیاربکرێتەوە کە تەنها خۆیان دەتوانن ئازادی خۆیان دەستەبەر بکەن ، تەنها وتەنها خۆیان دەتوانن برینە قوڵەکانی ڕابووردو سارێژ بکەنەوە . ئەزمونی ئەو سالآنەی ڕابووردو کەمن پێموایە لە داهاتوشدا ، دووپاتی ئەوەیان کردوەتەوەو دەیکەنەوە ، کاتێک کۆمەڵگا ئاشنانەبێت بە بەرژەوەندیەکانی خۆیی و خاوەنی ئۆرگانێکی هەڵقوڵاوی ناو هەناوی خۆیی نەبێت !! نەک لە ئازادی بەهرەمەند نابێت بەڵکو بەبەردەوامی لەناو تەنگێژەی جیاجیادا دەژی . هەر لێرەوەیە کەمن باوەڕی تەواوم هەیە نەک تەنها بۆ کوردستان بەڵکو بۆ تەواوی ژیان باشترین دەستەڵات دەستەڵاتی شوراییە لە ئێستادا ، کە لە یەک ڕستەدا مانایی دەستەڵاتدارێتی خەڵکە بەسەر خەڵکەوەیە . کەسیش مافی ئەوەی نیە بڕیار لە هەڵسوڕانی کەسێکی تر بدات ، ئەوە تەنها عقڵیەتی بورژوازی و بورژوا مشەخۆرەکانن بە لە خشتەبردنی مرۆڤەکان خۆیان دەکەنە دەمڕاست و پێشەوا ، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ناهۆشیاری و ساویلکەی ئەو کۆمەڵگایە . وەدڵنیاش بە لەوەی کە تا کۆمەڵگا هۆشیار نەبێت سەدانی وەک عەلاوی و سیستانی ، سوپای مەهدی و زەرقاوی دروست دەبن و لە کوردستانی لای خۆشمان نەک لەسەر قازێک بەڵکو لەسەر گەڵایەکی هەڵوەریو کە وشک دەبێتەوەو زەرد هەڵدەگەڕێت ، شەڕی قورس و قورستر هەڵدەگیرسێت . کاک هەژێن زۆر تاکید لەوە دەکاتەوە کە من چارەسەری کێشەی نەتەوەیم بە سۆزی دەستەڵاتداران و ڕۆشنبیرانەوە گرێداوە کە بەدڵنیایەوە دەڵێم بەڕێزیان ئەوەی جەوهەری بووە لە نوسینەکەی مندا یان نەیبینیوە یان خۆیی لێلاداوە بەمەبەست یان بێ مەبەست . چونکە یەکەمین ووشەی ڕستەکە بە نەتەوەی سەردەست دەست پێدەکات وە بەڕێزیان دڵنیا دەکەم لەوەی ئەگەر کاتێک نەشتەرگەری دەکرێم و بەنج دەکرێم و لائیرادی ووشە فڕێ دەدەم ، پێم وانیە چارەسەری ئەوکێشەیە لەسەردەستی دەستەڵاتدارانا ببینم . گرنگترین خاڵێک لە نوسینەکەی کاک هەژێندا ئەو بەدەربەست هاتنەوەیەتی بەرامبەر خەڵکی هەژارو بەشمەینەت کە جێگای ڕێزە لای من و هیوادارم لەگەشەسەندنا بێت .